# حەڵاڵ نییە بۆ ئافرەتێک باوەڕی بە خودا وڕۆژی دوایی هەیە کە ماتەمینی بۆ مردوو بکات زیاتر لە سێ ڕۆژ، مەگەر بۆ مێردە (مردووەکەی) نەبێت: چوار مانگ ودە ڕۆژ

لە زەینەبی کچی ئەبی سەلەمەوە دەڵێت: کەسێکی نزیکی ئوم حەبیبە مرد، ئەویش داوای بۆنێکی زەردی کرد، و(بۆنەکەی) مەسح کردە سەر باڵەکانی، و ووتی: من ئەمە دەکەم، چونکە گوێم لێبووە کە پێغەمبەری خودا - صلی الله علیه وسلم- دەیفەرموو: «حەڵاڵ نییە بۆ ئافرەتێک باوەڕی بە خودا وڕۆژی دوایی هەیە کە ماتەمینی بۆ مردوو بکات زیاتر لە سێ ڕۆژ، مەگەر بۆ مێردە (مردووەکەی) نەبێت: چوار مانگ ودە ڕۆژ (ماتەمەمینی بۆ دەکات)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

باوکی ئوم حەبیبە کۆچی دوایی کرد، وئەویش زانستی هەبوو سەبارەت بە نەهی کردن لە ماتەمەمینی کردن بۆ مردوو زیاتر لە سێ ڕۆژ، بۆیە ویستی ئەمە جێبەجێ بکات، داوای بۆنێکی زەردی کرد، و(بۆنەکەی) مەسح کردە سەر باڵەکانی، وهۆکاری ئەم بۆن لەخۆدانەی ڕوونکردەوە، ئەویش ئەوەیە گوێی لێبووە کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەیفەرموو: (حەڵاڵ نییە بۆ ئافرەتێک باوەڕی بە خودا وڕۆژی دوایی هەیە کە ماتەمینی بۆ مردوو بکات زیاتر لە سێ ڕۆژ، مەگەر بۆ مێردە -مردووەکەی- نەبێت: چوار مانگ ودە ڕۆژ -ماتەمەمینی بۆ دەکات-)؛ ماتەمینی بە واتای ئەوە دێت خۆی ناڕازێنێتەوە وبۆن لە خۆی نادات، نەک مەبەست پۆشینی جلی ڕەش وشین بێت بە بەردەوامی، بەڵکو ئافرەت لە ماڵەوە پاش مردنی مێردەکەی یان خزمەکەی دەتوانێت هەر جۆرە ڕەنگێک لەبەر بکات، مەگەر بۆ دەرەوە نەبێت نابێت جلێکی ڕازاوە وسەرنجڕاکێش لەبەر بکات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6091